بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە
بەناوی گەلەوە

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستـــان
ژمارەی بریار / ٤١
رۆژی بریار ٥/ ١٠ / ١٩٩٣

بەپێی حوکمی برگە ( ١ ) لە مادە (٥٦ ) ی یاســای ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ١٩٩٢ و لە سەر پێشنیازی وەزیـری دادو پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانـــەوە ، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق لە دانیشتنـــی رۆژی ١٩٩٣/١٠/٢ دا بریاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا :

یاسای ژمارە ( ١٦ ) ی ساڵی ١٩٩٣

یـــاسای چـەک

ماددەی یەکەم / مەبەست لەم ووشانەی خوارەوە ماناکانـی تەنیشتیانە :

١ ـ هەریم :ـ هەریمی کوردستانی عیراق .
٢ ـ چەکی ئاگرین : دەمانچەو تفەنگی ئاسایی ریزنەکـەرو تفەنگی راو ، بەلام ئەو دەمانچانـەناگریتـەوە کـە لە یاریەکانی وەرزشدا بەکار دەهینرین یا تفەنگـی هەوایی .
٣ ـ چەکی جەنگی : ئەو چەکەی لەلایەن هیزە چەکدارەکان و هیزەکانی ئاسایشی ناوخوی هەریمەوە بەکار دەهینری جگـە لەوانەی لە برگەی ( ٢ ) ی سەرەوەدا دیاری کراون .
٤ ـ عەتاد : گولەو فیشەک یا هەر بەشیکی کە بو چەکـی ئاگرین بەکاردەهینریـن .
٥ ـ عەتادی جەنگی : ئەو زەخیرەیەی بو چەکی جەنگـی یا هەر بەشیکی بەکار دەهینری .
٦ ـ چەکی کونە یا بو یادگار یا بو رەمزی : ئـەو چەکەی بی عەتاد بو جوانی یا بو یادگار یاوەک رەمـز هەلدەگیری لە گەلیدا ئەو چەکانەی وەقف دەکرین یا لـە شوینە پیروزەکان و عەنتیکە خانەکاندا هەن .
٧ ـ دەسەلاتی مولەتدان : وەزیری ناوخوی هەریم یا ئـەو کەسەی دەسەلاتی دەداتی و ئەو مولەتانەی لەم یاسایـەدا ئـەو دەیاندا .

ماددەی دووەم / چەکی کونەو یادگارو رەمزی لە حوکمەکانـی ئەم یاسایە دەردەکرین .

ماددەی سـیەم / نابی چەکی جەنگی یا بەشەکانـی یـا عەتادی بهینریتە ناوەوە ( استیراد ) یا ببرینە دەرەوە ( تصدیر ) یا لە ژیر دەستدا بن ( حیازە ) یا هەلبگیرین ( حمل ) یا دروست یان چاک بکرین یا بگویزرینەوە یـا وەربگیرین ( تسلیمو تسلم ) یا بازرگانییان پیوە بکری .

مـاددەی چوارەم /
١ ـ نابی چەکی ئاگرین یا بەشەکانی یا عەتادی بهینریتە ناوەوە یا ببریتە دەرەوە یا دروست بکرین یا بازگانـییان پیوە بکـری .
٢ ـ نابی چەکی ئاگرین لەژیردەستدا بی یا هەلبگیـری بەبی مولەتی دەسەلاتی مولەتدان .

مـاددەی پینجەم / مولەتەکان ئەمانەن :
١ ـ مولەتی ژیردەست گرتن و هەلگرتـنی چەکی ئاگریـن و عەتادی .
٢ ـ مولەتی چاککردنیچەکی ئاگرین .

ماددەی شەشەم /
١ ـ دەسەلاتی مولەتدان بوی هەیە لەسەر داخوازییەک کـە دەیدریتی هەریەک لە مولەتەکانی ناو ئەم یاسایە بدا ئەگەر ئەم مەرجانەی خوارەوە لە داواخوازدا هەبوو :
١ ـ دانیشتووی هەریم بی .
٢ ـ هەژدە سالەی تەواو کردبی .
٣ ـ حوکم نەدرابی بە تاوانیکی نا سیاسی یا لەکەدارکـەری شەرەف .
٤ ـ کەم ئەندام یا نەخوشییەکی ئەقلی یا دەروونیی ئەوتـوی نەبی کە بەری بەکارهینانی چەکی لی بگرن ئەمەش بـە راپورتی لیژنەیەکی پزیشکی دەبی .
٥ ـ ژیر دەستگرتنی چەکەکەی مەشرووع بی .

ماددەی حەوتەم / شیوەی مولەتەکان بە رینماییـەک دیاری دەکری کە وەزیری ناوخوی هەریم دەریدەکا .

ماددەی هەشتەم /
یەکەم : ئەو مولەتانەی لە ماددەی پینجەمی ئـەم یاسایەدا بەم جورەدەبن :ـ
١ ـ تەنیا بو ئەو کەسە بەکاردەهینرین کە بە نـاویانـە
٢ ـ بو ماوەی دووسال لە رووژی دەرکردنیانەوە کاریان پـی دەکریت .
٣ ـ دەبی لە حالەتی مولەتدانو تازەکردنەوردا ئەو رەسمە یان لەسەر بدری کە لە لیستەی پاشکوی ئەم یاسایەدان .
دووەم : دەسەلاتی مولەتدان لە مولەتەکەدا هەنـدی ئەو عەتادە دیاری دەکا کە دەبی هەیبی بە مەرجی لە سەد و بیست گوللە بو دەمانچەو تفەنگو دووسەد فیشەک بـو تفەنگی راو زیاتر نەبی .

ماددەی نویەم / دەبی خاوەنی مولەت لەماوەی ( ٩٠ ) روژدا لە روژی تەواوبوونی ماوەکەیەوە داخوازییەک بو نویکردنـەوەی مولەتەکەی بدا بە دەسەلاتی مولەتدان .

ماددەی دەیەم / مولەت لەم حالەتانەی خوارەوەدا پـووچ

دەبیتەوە و خاوەنەکەی یا هەریەکێک کە جیگەی دەگریتەوە بە میراتگرانی دەبی بیدا بە دەسەلاتی مولەتدان بو تومار کردنی پووچبوونەوەی :

١ ـ مردنی خاوەنی مولەت .

٢ ـ نەمانی یەکیک لە مەرجە یاساییەکانی مولەت

٣ ـ دەرچوونی بریاریکی دادوەریی بنبر بەدەست بەسەردا گرتنی چەکەکە .

٤ ـ دەرچوونی چەکەکەو عەتادەکەی لە مولکیەتی مولەتدار و بۆ کەسێکی تری مولەت پیدراو .

٥ ـ پیشکەش نەکردنی داخوازیی نوی کردنەوە لە ماوە یاساییەکەدا .

ماددەی یازدەیەم /

١ ـ دەبی مولەتدارو لەحالەتی پووچبونەوەی مولەتەکەیدا دەستوبرد چەکەکەی بەرامبەر پسوولەیەک بدا بە مەلبەندی پولیسی شوینی نیشتەجیی و بوی هەیە لە ماوەی (١٨٠) روژ دا ئەو چەکەو عەتادەکەی بفروشی یا بەشیوەیەکی یاسایی بیدا بە هەر کەسیکی تر کە مەرجەکانی مولەتپیدانی تیدا بن دەنا دەسەلاتی مولەتدان بوی هەیە چەکەکەو عەتادەکەی بو سوودی خاوەنەکەی بەپیی یاسای فروشتن و بەکری دانی مال‌و مولکی دەولەت بفروشی و بیدا بەو کەسەی مولەتی هەلگرتن یا ژیر دەستخستنی دراوەتی .

٢ ـ لە حالەتی مردنی مولەتدراو حوکمەکانی برگە( ١)ی ئەم ماددەیە دەسەپینری و دەبی میراتگرانی یا هەر یەکیک کە جیگەیان دەگریتەوە ئەو ئەرکانە بەجی بینن کە تیایدا دیاری کراون و دەسەلاتی مولەتدان پارەکەی دەداتە دادگای پەیوەندی دار بو دابەشکردنی بەسەر بەشگراندا .

ماددەی دوازدەیەم :

١ ـ ئەم کەسانە لە مولەتی ژیردەستگرتن‌و هەلگرتنی چەکی ئاگرین و عەتادەکەی بەدەردەبن :

یەکەم : پیشەوای هەریم یا ئەوەی جیگەی دەگریتەوە .

دووەم : سەروک‌و ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی هەریم .

سییەم : سەروک‌و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەریم و هەریەکیک بە پلەی وەزیر بی .

چوارەم : بریکاری وەزارەتەکان‌و پلەی تایبەتی‌و سەروکەکانی وەحدە ئیدارییەکان .

پینجەم : دادوەرو قازی و ئەندامانی داواکاری گشتی و لیکولەرەوە دادگەرەکان .

٢ ـ دەشی ئەفسەرانی هیزە چەکدارەکان چەکی ئاگرینیان لەژیر دەستدابی یا هەلیبگرن بە باوەرنامەیەکی بی رەسم لیدان کە وەزیری کاروباری پیشمەرگە یا ئەوەی دەسەلاتی دەداتی دەریدەکا و بوی هەیە دوای خانەنشینکردنی ئەگەر بە روتبەی (رائد) و بەرەو ژوور بوو باوەرنامەبی رەسم لیدانەکەی بە شیوەیەکی هەمیشەیی لەلا بمینیتەوە و دوای مردنی حوکمی باوەرنامەکە دەچی بو گەورەترینی مندالەکانی و ئەگەر مەرجەیاساییەکان هەبوون بە مولەتیکی رەسمی دادەنری .

٣ ـ دەشی ئەفسەران‌و مفەوەزەکانی هیزەکانی ئاسایشی ناوخو چەکی ئاگرین و عەتادەکەیان لە ژیر دەستدابی یا هەلیبگرن بە باوەرنامەیەکی بی رەسم لیدان کە وەزیری ناوخو یا ئەوەی دەسەلاتی دەداتی دەریدەکا و ئەفسەر بوی هەیە دوای خانە نشین کردنی ئەگەر بە روتبەی (رائد) و بەرەو ژوور بوو باوەرنامە بی رەسم لیدانەکەی بە شیوەیەکی هەمیشەیی لەلا بمینیتەوە و دوای مردنی حوکمی باوەرنامەکە دەچی بو گەورەترین مندالەکانی و ئەگەر مەرجەیاساییەکان هەبوون بە مولەتیکی رەسمی دادەنری .

ماددەی سیازدەیەم :

١ ـ ئەگەر مولەتدراوی ژیردەستگرتن و هەلگرتنی چەکی ئاگرین ئیدیعای بزربوون یا فەوتانی مولەتەکە یا بزربوونی چەکە مولەتپیدراوەکەی کرد دەسەلاتی مولەتدان دەبی داوای لیکولینەوەی لە سەر بکری .

٢ ـ ئەگەر بزربوون‌و فەوتانی مولەتەکە سەلمینرا خاوەنەکەی مولەتیکی نوی‌ی لە جیگەی بزربوو دەدریتی کە هەمان ژمارەی مولەتەکەی پیشووی لیدەدری و زانیارییەکانی تیدادەبی ئەمەش بەرامبەر بە رەسمیکی دووجای رەسمی مولەتە بزربووەکە .

٣ ـ ئەگەر بزربوون‌و فەوتانی چەکەکە سەلمینرا دەبی خاوەنەکەی مولەتەکەبدا بە دەسەلاتی مولەتدان بو پووچ کردنەوەی و ئەوسا دەشی مولەتیکی نوی‌ی بو چەکیکی‌تر بدریتی .

٤ ـ ئەگەر دەرکەوت ئیدیعای بزربوونی مولەتەکە یا فەوتانی یا بزربوونی چەکەکە راست نی‌یە دەبی دەسەلاتی مولەت دان خاوەنەکەی بنیریتە لای دادوەری لیکولینەوە تا چی پیویستە بیکا بو ئەوەی بدری بە دادگا ی پەیوەندی دار و ئەگەر سەلمینرا دەبی بەپیی حوکمی یاسا سزا بدری و مولەتەکەشی پووچ بکریتەوە و لایەنی مولەتدانی لی ئاگاداربکری .

٥ ـ ئەگەر بزربوون و فەوتانی ئەو باوەرنامەیەی دراوە بە ئەفسەرانی هیزە چەکدارەکان سەلمینرا وەزیری کاروباری پیشمەرگە یا ئەوەی دەسەلاتی دەداتی بوی هەیە باوەرنامەیەکی بی رەسم لیدانی نوی‌ی بداتی .

٦ ـ ئەگەر بزربوون و فەوتانی ئەوباوەرنامەیەی دراوەبە ئەفسەران‌و مفەوەزەکانی هیزەکانی ئاسایشی ناوخو سەلمینرا وەزیری ناوخو یا ئەوەی دەسەلاتی دەداتی بوی هەیە باوەرنامەیەکی بی رەسم لیدانی نوی‌ی بداتی .

ماددەی چواردەیەم :

١ ـ دەسەلاتی مولەتدان بوی هەیە مولەتی ژیردەستگرتن

و عەتادەکەی بەبی رەسم بدا بەو فەرمانبەرانەی دەولەت کە ئەرکی فەرمانەکانەکانیان بە لایەنگری‌ی فەرمانگەکانیان دەیخوازی لە حالەتی نەمانی ئەو ئەرکەدا فەرمانگەکان دەسەلاتی مولەتدانی لی ئاگادار دەکەن کە ئەوسا مولەتەکان پووچ دەبنەوە و دەبی لە ماوەی ( ٧ ) روژدا لە روژی نەمانی ئەرکەکەوە چەکەکە بدەنە دەسەلاتی مولەتدان . بەلام دەشی مولەتی ئەوچەکەیان بەپی‌ی حوکمەکانی ئەم یاسایە پی‌بدری .

٢ ـ دەشی چەکی حکومەتو عەتادەکەی بگەرینریتەوە بو ئەو فەرمانبەرانەی دەولەت کە لە برگەی سەرەوەدا دیاری کران بەلام ئەو چەکو عەتادەیان بو تەرخان ناکری تەنها مولەتی ژیر دەستگرتنو هەلگرتن وەرنەگرن کە لە لایەن دەسەلاتدانەوە بەبی رەسم دەیاندریتی و ئەو فەرمانگەیانەش دەبی دوای نەمانی سیفەتی فەرمانبەری‌یەکەیان ئەو چەکە ئاگرینەو عەتادەکەی بدەنەوە بەو لایەنەی تەرخانی کردبوون .

ئەو کەسەی ئەو

٣ ـ ئەو کەسەی ئەو چەکە ئاگرینو عەتادە بزر دەکا و کە بە پی‌ی ئەم یاسایە پی‌ی سپیردراون پینج جای نرخە خەملینراوەکەی لە کاتی بزربوونیاندا لی دەستینری ئەگەر لە ئەنجامی کەمتەرخەمی‌ی خویدا بوو یاسی‌جای نرخەکەیان لە حالەتەکانی تردا جگە لەو سزا ( انضباطی ) یانەی بەسەریدا دەسەپینرین .

ماددەی پازدەیەم / وەزیری ناوخو بوی‌هەیە بەخشینی مولەتی ژیردەستگرتنو هەلگرتنی چەکی ئاگرین لە گشت ناوچەکانی هەریم یالە بەشیکیدا بو ئەو ماوەیەی لە بریارەکەدا دیاری دەکا رابگیری ، ئەگەر شتیک رووی‌دا واپیویست بکا .

ماددەی شازدەیەم / پاریزگار بوی هەیە بەیاننامەیەک سەبارەت بەم کاروبارانەی خوارەوە دەربکاو دەبی بەیەکیک لە ریوشوینەکانی راگەیاندن بلاو بکریتەوە :

١ ـ قەدەغە کردنی هەلگرتنی چەکی ئاگرین لە لایەن مولەتدراوانەو لە کاتی پیویستداو بو ئەو ماوەیەی دیاری‌ی دەکا لە هەموو ناوچەکانی پاریزگایا لە بەشیکیدا و بوی هەیە لە بەرچەند هویەکی شیاو هەندی لە مولەتدراوانی لی بەدەربکا .

٢ ـ ری نەدان بە خەلکیکی دانیشتووی دەرەوەی سنووری شارەوانی‌یەکان بە هاتنە ناوەوەیان بەچەکەوە بو ماوەیەکی کاتی ئەگەر بەرژەوەندی‌ی گشتی وەهای خواست .

٣ ـ قەدەغە کردنی تەقەکردن لە بونە گشتی‌و تایبەتی‌یەکاندا لە ناو شارو شاروچکەو گوندەکاندا .

٤ ـ وەرگرتنی چەکی ئاگرین بە پسوولەیەک لە خاوەنەکانیان مولەت دراوبن یا بی مولەت بو ئەو ماوەیەی دیاری‌ی دەکا ، هەرکاتیک هویەکەی لە ئارادا نەما بریاری گەراندنەوەیان دەدا لەگەل رەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی بیستەمی ئەم یاسایە سەبارەت بە بی مولەتەکان .

ماددەی حەفدەیەم :

١ ـ دەشی کەسیکی بیانی چەکی ئاگرینو عەتادەکەی لە ناو سنووری هەریمدا بەپی‌ی حوکمەکانی ئەم یاسایە هەلبگری .

٢ ـ ئەو کەسە هەر کە هاتە ناوهەریمەوە دەبی چەکەئاگرین و عەتادەکەی بەرامبەر بە پسوولەیەک بدا بە نزیکترین مەلبەندی پولیس و دەبی مەلبەندەکەش دەسەلاتی مولەتدانی لی ئاگادار بکا و خاوەنەکەی بوی هەیە مولەتی بو وەربگری‌و ئەگەرنا چەکەکەو عەتادەکە لە کاتی دەرچوونەوەی‌دا لە هەریم دەیدریتەوە . ئەگەریش بە نیازی خراپو سەرپیچی‌کرد بە فەرمانی دەسەلاتی مولەتدان دەست بەسەرچەکەکەی‌و عەتادەکەیدا دەگیری جگە لەو سزایانەی تر کە بەپی‌ی ئەم یاسایە بەسەری‌دا دەسەپینریت .

ماددەی هەژدەیەم / وەزیری ناوخو بوی هەیە ماوە بداتەئەو کەسەی چەکی لە دەرەوەی عیراقەوە لەگەل خویدا هیناوە دەمانچەو یەک تفەنگی راوو عەتادەکەیان لە فەرمانگەی گومرگ دەربکا دوای پەسەندکردن لەلایەن دەسەلاتی مولەتدانەوە دوای بوونی مەرجە یاسایی‌یەکان لە خاوەنەکانیان‌دا بە ژیردەستگرتن و هەلگرتنی ئەو چەکانەو دەبی رەسمی گومرگی پیویستیان لی بدری و ماوەدانەکەی ئەو کەسەش بویەک جار دەبی .

ماددەی نوزدەیەم / هەرکەسیک خەبەری دا کە چەکی بی مولەتی لەژیر دەستدایە لە سزا دەبەخشری و دەسەلاتی مولەتدان بوی هەیە بەپی‌ی حوکمەکانی ئەم یاسایە مولەتی بداتی لە حالەتی بریارنەداندا حوکمی ماددەی یازدەیەمی بەسەردا دەسەپینری .

ماددەی بیستەم /

١ ـ دەبی دەسەلاتی مولەتدان بەیاننامەیەک لە دەزگای راگەیاندنەوە بلاوبکاتەوە داوا لە خاوەنی بکا ئەو چەکانە بکا کە بەپی‌ی بەیاننامە تەسلیم بە دەسەلاتەکانی میری کراون لە ماوەی ( ٦٠ ) روژدا لە روژی بلاوکردنەوەوە بچنە لای دەسەلاتی مولەتدان ئەگەر مولەت پیدراو نەبوونو مەرجی یاسایی‌یان تیدا هەبوو . بەلام لە حالەتی نەچوونیان‌دا بە کوتایی هاتنی ماوەکە دەسەلاتی مولەتدان دەست بەسەر چەکەکانیان‌دا دەگری و بە ( مستودع ) ی پولیسیان دەسپیری .

٢ ـ لە حالەتی مولەت نەدانی لەلایەن دەسەلاتی مولەتدانەوە بەو بی مولەتانەی لە ماوەی دیاریکراوی برگە ( ١ ) ئەم ماددەیەدا مراجەعەتیان کردبوو چەکەکە دەدری بەو دەسەلاتە بو فروشتنی لەسەر حسابی خاوەنەکەی بەپی‌ی حوکمی ماددە یازدەیەمی ئەم یاسایە .

ماددەی بیستو یەکەم /

١ ـ آ ـ ئەوەی قاچاغچی‌یەتی بە چەکی جەنگی یا بەشەکانی یا بە عەتادی‌یەوە بکا یا ژێردەستی خوی بخا یا هەلیبگری یا بیگوازیتەوە یا بازرگانی پیوەبکا یاچاکی بکا یا دروستی بکا بەزیندانی ( سجن ) کردن سزا دەدری .

ب ـ ئەوەی قاچاغچیتی بەچەکی جەنگی یا بەشەکانی یا عەتادی یەوە بەمەبەستی بلاوکردنەوەی ئیرهاب یا تیکدانی ئاسایشی گشتی یا پشتگیری‌کردنی هەر یاخی بوونیک دژی حکومەتی هەریم بکا سزاکەی زیندانی کردنی هەتا هەتایی ( سجن موءبد ) دەبی .

٢ ـ آ ـ ئەوەی قاچاغجیتی بە چەکی ئاگرین یا بەشەکانی یا عەتادی‌یەوە دەکا یا درووستی دەکا یا بازرگانی‌ی پیوە دەکا بە زیندانی‌کردن سزادەدری .

ب ـ ئەوەی قاچاغچیتی بە چەکی ئاگرین یا بەشەکانی یا عەتادی‌یەوە بەمەبەستی بلاوکردنەوەی ئیرهاب یا تیکدانی ئاسایشی گشتی یا پشتگیری‌کردنی هەریاخی‌بوونیک دژی حکومەتی هەریم بکا سزاکەی زیندانی‌کردنی هەتاهەتایی دەبی .

٣ ـ ئەوەی بەبی مولەت پیدان لەلایەن دەسەلاتی مولەتدانەوە چەکی ئاگرین یا عەتادەکەی لە ژیر دەستدابی یا هەلی‌بگری بە بەندی‌کردن ( حبس ) کە لەیەک سال کەمتر نەبی‌و غەرامە کە لە دوو هەزار دینار زیاترو یەک هەزار دینار کەمتر نەبی یا بە یەکیک لەو دوو سزایە سزا دەدری .

٤ ـ آ ـ ئەوەی مولەتی هەلگرتنی چەکیکی ئاگرینی هەبی ولە خو نیشاندانیک یا کورو کومەلیک دا ( تجمع ) هەلیبگری بەبەندی‌کردن کە لەیەک سال کەمتر نەبی و بە غەرامە کەلە دوو هەزار زیاتر و یەک هەزار کەمترنەبی یا بەیەکیک لەو دوو سزایە سزادەدری .

ب ـ ئەوەی چەکی ئاگرینی بی مولەت لەکاتی بەشداربوونی لە خو پیشاندانیک یا کوروکومەلیک‌دا هەلبگری سزاکەی زیندانی‌کردنی کاتی ( سجن موقت ) دەبی .

٥ ـ جگە لەوەی لە برگەکانی پیشووی ئەم ماددەیەدا دیاری‌ی کراوە ئەوە سەرپیچی لە هەرحوکمیک لە حوکمەکانی ئەم یاسایە یا ئەو رینمایی‌و بەیاننامانە بکا کە بەپی‌ی ئەم دەردەکرین بە ماوەیەکی بەندی‌کردن ( حبس ) کە لە دوو سال زیاتر نەبی و بە غەرامە کە لەیەک هەزار دینار زیاترنەبی و پینج سەد دینار کەمتر نەبی یا بەیەکیک لەو دوو سزایە سزا دەدری .

ماددەی بیستو دووەم /

١ ـ دادگا حوکم بە سزاکانی ماددە بیستو یەکەمی ئەم یاسایە دەدا سەرباری ئەو غەرامانەی فەرمانگەکانی گومرگ بەپی‌ی یاسای گومرگ دەیانسەپینن .

٢ ـ ئەگەر دادگا حوکمی بەسزایەک لەو سزایانە دەرکرد کە لە برگە ( ١ ، ٢ ) ی ماددەی بیستو یەکەمی ئەم یاسایەدا هەن دەبی حوکم بدا بە دەست بەسەردا گرتنی ( مصادره ) چەکەکەو بە شەکانی‌و عەتادەکەی و ئەو ... لە گواستنەوەیا بو کردنی تاوانەکە بەکار هینراون لەگەل رەچاو کردنی حەلەتی خاوەن ئوتومبیلی نیاز پاک ( حسن النیه ) ئەمە جگە لەو کیشە گومرگی‌یانەی فەرمانگەکانی گومرگ خاوەن دەسەلاتن لە سەپاندنی سزای دەست بەسەردا گرتنی هەیە .

٣ ـ آ ـ ئەگەر دەسەلاتی گومرگی‌ی پەیوەندی دار بریاری دەست بەسەرداگرتنی قاچاغ یا بەشەکانی یا عەتادی داو بریارەکە گەیشتە پلەی بنبر ( بتات ) ئەو چەکە و بەشەکانی و عەتادەکەی دەدریتە وەزارەتی کاروباری پیشمەرگەو وەزیری دارایی لەسەر پیشنیازی بەریوەبەری گشتی گومرگ بوی هەیە خەلات بدا بە خەبەردەران و ئەوانەی دەستی کارگەربوون لە ئاشکراکردنی تاوانەکەدا ئەویش بەپی‌ی یاسا رەچاوکراوەکان .

ب ـ ئەگەر دادگای پەیوەندی‌دار بریاری دەست بەسەردا گرتنی چەکی جەنگی نا قاچاغ یا بەشەکانی یا عەتادەکەی بریارەکە گەیشتە پلەی بن بر ئەو چەکەو بەشەکانی و عەتادەکەی دەدریتە وەزارەتی کاروباری پیشمەرگە .

ج ـ ئەگەر دادگا ی پەیوەندی دار بریاری دەست بەسەردا گرتنی چەکی ئاگرینی نا قاچاغ یا بەشەکەی یا عەتادەکەی داو بریار گەیشتە پلەی بنبر ئەو چەکەو بەشەکانی‌و عەتادی دەدری بە وەزارەتی ناوخو .

د ـ دەسەلاتی مولەتدان بریاردەدا ئەو چەکەو بەشەکانی‌و عەتادەکەی کە بەپی‌ی بەند ( ج ) لە برگە ( ٣ ) ی ئەم مادەیەدا پی‌ی سپیردراوە بدا بەو فەرمانگەیانەی دەولەت کە پیویستیان پی‌ی هەیە و ئەگەر هیچ داوایەک لەو فەرمانگەیانەوە نەکرا وەزارەتی ناوخو بەپی‌ی حوکمی قانونی فروشتن‌و بەکری‌دانی مالومولکی دەولەت دەفروشری .

٤ ـ چەکی جەنگی و بەشەکانی‌و عەتادی و چەکی ئاگرینی قاچاغ و بەشەکانی و عەتادی دەسپیردرین بە نزیکترین لایەنی سەربازی لە کاتی دوزینەوەیاندا بو پاراستنیان و ئەو لایەنە سەربازی‌یە هەروەختیک پیویستی کرد چەکەکان لەبەردەم ئەو لایەنەدا ئامادە دەکا کە پەیوەندی بە بینینی کیشەکەوە هەیە .

بەلام چەکی ئاگرینی نا قاچاغ و بەشەکانی‌و عەتادی دەسپیردری بە نزیکترین مەلبەندی پولیسی ئەو ناوچەیەی چەکەکەی تیادا دوزراوەتەوە بو پاراستنی بەمەرجی مەلبەندەکە هەر وەختیک پیویستی کرد ئەو چەکە لەبەردەم ئەو دادگاو دەسەلاتە گومرگی‌یەدا ئامادە بکا کە پەیوەندی‌ی بە بینینی کیشەکەوە هەیە .

ماددەی بیستو سی‌یەم /

١ ـ ئەوەی مولەتی چەکی ئاگرینی هەبی و لە ماوەی (٩٠) روژ دا لە روژی کوتایی هاتنی ئەو مادەیەی لە ماددە ( ٩ ) نوی ئەم یاسایەدا دیاری کراوە بە غەرامەیەک کە لە پینج سەد دینار کەمتر نەبی و لە هەزار دینار زیاتر نەبی سزا دەدری .

٢ ـ پاریزگارەکان دەسەلاتی دادوەری کەتن ( جنحە ) یان بو سەپاندنی ئەو غەرامەیەی برگە ( ١ ) ی ئەم ماددەیە دەدریتی .

ماددەی بیستو چوارەم /

آ ـ حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو چەکانە ناگریتەوە کە هیزە چەکدارەکانو هیزەکانی ئاسایشی ناوخوی هەریم بەکاری دینن .

ب ـ دەسەلاتی مولەتدان دەسەلاتی هەیە مولەتی ژیردە ستگرتن تفەنگی ئوتوماتیکی و نیو ئوتوماتیکی بدا .

ماددەی بیستو پینجەم / وەزیری ناوخو رینماییەک دەردەکا سەبارەت بە ژیردەستگرتنو هەلگرتنی چەکی برینداركەرا و چەکی رووشینەر و گواستنەوەی دروستکردنو چاککردن و هینانە ناوەوە و بازرگانی پیوەکردنیان .

ماددەی بیستو شەشەم / کاربە هیچ دەقیک ناکری کە لەگەل حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکوک بی .

مددەی بیستو حەوتەم / دەبی وەزیرە پەیوەندیدارەکـان حوکمەکانی ئەم یاسایە جیبەجی بکەن .

ماددەی بیستو هەشتەم / ئەم یاسایە لە روژی بلاوکردنەوەیەوە لە روژنامەی رەسمیدا کاری پیدەکری .

جوهر نامق سالم

سەروکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق

لیستەی رەسمەکان

| ژ | جوری مولەت | نرخی رەسم |
|---|---|---|
| ١ | مولەتی ژیردەست گرتنیا هەلگرتنی چەکی ئاگرینو عەتادی | ٥٠ دینار |
| ٢ ـ | نویکردنەوەی ژیردەستگرتنو هەلگرتنی چەکی ئاگرینو عەتادی | ٥٠ دینار |
| ٣ | مولەتی چاککردنو نویکردنەوەی چەکی ئاگرین . | ١٠٠ دینار |

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبانەوە**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

ژمارەی بریار: ٤٢
میژووی بریار ١٨/ ١٠/ ١٩٩٣

بەپیی حوکمی برگەی ( ١ ) لە مادە ( ٥٦ ) ی یاسای ژمارە ( ١ ) ی سالی ١٩٩٢ و لە سەر پیشنیازی ئەنجومەنی وەزیرانی هەریمی کوردستانی عیراق ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ژمارە ( ١١ ) ی روژی ١٣/١٠/ ١٩٩٣ دا بریاری دەرکردنی ئەم یاسایەدا

یاسای ژمارە ( ١٧ ) ی سالی ١٩٩٣
یاسای حیزبەکانی هەریمی کوردستانی عیراق

ماددەی یەکەم / حیزب ریکخراویکی سیاسیی خاوەن کەسایەتی یەکی مەعنەوی یەو لەبەکگرتنیکیئیختیاری پیک دی لە نیوان کومەلە کەسانیکی سروشتیدا کە چەند بیرو باوەرو ئامنجیکی هاوبەشی راگەیاندراو لە پروگرامی حیزبدا کویان دەکاتەوە و هەول دەدەن بەریوشوینی دیموکراتییانە بەدییان بهینن .

ماددەی دووەم :

١ ـ هەر هاووولاتییەک لە هاوولاتییانی هەریمی کوردستانی عیراق و تیایدا نیشتەجی بیو مەرجەکانی تیدا هەبن مافی بەشداریکردنی دامەزراندنی حیزبی هەیە .

٢ ـ هەر هاوولاتییەک لە هاوولاتییانی هەریمی کوردستانی عیراق یا هەر کەسیک کە نیشتەوولاتی ( اقامە ) ی هەمیشەیی تیایدا هەبی و هەژدە سالی تەمەنی تەواو کردبیو لیهاتوویی یاسایی هەبی ( الاهلیە القانونیە ) مافی چوونە ناو هەر حیزبیک و لی کشانەوەی بەپیی پەیرەوە ناوخو کەی هەیە .

ماددەی سییەم / سەربەستی دامەزراندنی حیزبەکان مسوگەرەو هەرحیزبیک بوی هەیە بە تەواوی بەسەربەستی یەوە چالاکیی خوی بنوینیو ئەم یاسایە پاریزگاری لەوە دەکا .

ماددەی چوارەم / مەرجە بیروباوەرو ئامانجەکانی حیزب ئەمانەیان تیدابن :

١ ـ چەسپاندنو پەرەپیدانی ئەو مافو دەسکەوتانەی گەلی کوردستانی عیراق بەدی هیناون .

٢ ـ چەسپاندنی بیروباوەری دیموکراتیو ریز لیگرتنی ئەو